قادر نادر:

لە کوردستان خانووی بەرپرسی مەڵبەندو کارگێڕی لقەکان لە خانووی سەرۆك وەزیرانی سوید گەورەترە

قادر نادر ئەندامی ڕاگەیاندنی چاك کە لە کۆتایی 1999 کوردستانی جێهێشتووەو لەوڵاتی سوید نیشتەجێ بووە لەو دیدارەدا باس لەو ناهاوسەنگییە دەکات کە لەنێوان پێشکەوتنی مادی و بەهاکانی دیموکراسی و مرۆییەکان لە کوردستان دروست بووەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پارتی و یەکێتی کۆنترۆڵی هەموو شتەکانیان کردووەو بەهۆی ئەبوونی بەرنامەوە تەواوی کۆمەڵگای کوردی بەرەو گەندەڵ بوون دەچێت.

لقاء: رڤین فەتاح

بەرەی گۆڕان: لە گەڕانەوەی ئەمجارەتا بۆ کوردستان تێبینی چیت کرد، دوای ئەوەی زیاتر لە پێنج ساڵ دەبێت کوردستانت نەدیوە، دەکرێت باس لە گۆڕانە مادی و مەعنەویەیەکان بکەن؟

قادر نادر: خۆم لە کۆتایی 1999 چوومە دەرەوە کە لە 2001 گەڕامەوە ئەو حکومەتە یەکگرتووە نەبوو. نێستا کۆمەڵێك گۆڕانکاری زۆر گەورە دەبینرێت، بە تایبەت لە بواری تەکنۆلۆژیا و بیناسازی و بازرگانی و بە گشتی هەموو ئەو بوارانەی کە سودی مادی هەیە لە ناستی وڵاتێکی وەکو ستۆکهۆڵم پێشکەوتووتر نەبێت دوا کەوتووتر نییە، بڕوا ناکەم ئەو نەهرامانەی بەرپرسەکانی کوردستان هەیانە هیچ سەرۆك وەزیرانێکی ئەوروپی هەیبێت، لە سوید خانوویەکی ئاسایی هەیە تایبەت کراوە بۆ ئەوانەی دەبنە سەرۆك وەزیران، کاتێك لە پۆستەکەی تەواو دەبێت کلیلەکە وەردەگێڕێتەوە. بەڵام لە کوردستان خانووی بەرپرسی مەڵبەندو کارگێڕی لقەکان زۆر گەورەترە لە خانووی سەرۆك وەزیرانی سوید. لەبەرامبەر ئەوەشدا بەها دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە نەدیوە، ناهاوسەنگییەکی زۆر هەیە، لە هەولێر 10 ساڵ دەبێت خۆپیشاندانێکی کاریگەر دروست نەبووە، بەڵام نوێترین تەکنۆلۆژیا دەهێنرێتە هەولێر چونکە لەبەرژەوەندی مادی بەرپرسەکانە.

بەرەی گۆڕان: کەواتە بەرەی گۆڕان: کەواتە پێشکەوتنێکی مادی و تەکنۆلۆژی بەبێ پێشکەوتنی وژشنبیری و تێگەیشتن لە بەها دیموکراسیەکان رویداوە، ئەمە زیانی بە مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان؟

قادر نادر: تەگەر تەماشا بکەی حکومەت هەمیشە وەك قوتابخانەیەکە کە قوتابییەکانی پەروەردە دەکات، بەداخەوە لە کوردستان کۆمەڵگا بەرەو گەندەڵی دەبەن دابڕاوە لە بەها مرۆییەکان چونکە دەبێنیت لوتکە گەندەڵەو دزی دەکات خەڵکەکەش ئەوە دەکات. لە سەرەتای ڕاپەڕین خەڵك هەڵگری بەهاگەلێکی جوان بوو بەداخەوە نێستا هەموی ون دەبێت، کەسێتی کورد زۆر تێکشکاوە، کە هۆکاری سەرەکی پارتی و یەکێتییە کە تا پێیان دەکرێت خەڵکگ دەکڕن و لینا گەڕێن دەنگی جیا دروست بێت. هەموو شتێکیان کۆنترۆڵ کردووە، 10 ڕۆژنامەنوس نساتوانن ڕۆژنامەیەکی نازاد دەربکەن بەڵام دور بەرپرسی حزبی دەتوانن دوور کەنالی ئاهانی دابنێن. کۆمەڵگای کوردیان زۆر شێواندووە بەداخەوە.

بەرەی گۆڕان: ئەوەی لە قسەکانی تۆ دەر دەکەوێت حکومەت لە نار بێ بەرنامەیدا دەژی؟

قادر نادر: نێستا هەموو نافرەتێکی کورد مۆبایلێکی هەیە بەڵام پەروەردەی ئەوە نەکراوە، سێ ژنی نەشیاوە، ئەوە گرفتەکەیە، ژێنکی سویدی نامرازەکانی تەکنۆلۆژیای لەبەردەستە بەڵام هۆشیاریشی لە ناستێکی بەرزە. تەنها ئەوەی سودی مادی هەیە فرێ دەدرێتە بازاڕ، خەڵکەکەش سەتەلایتی هەیەو مەرویزن لەناو ماڵان بەخێو دەکات.حکومەت ناهاوسەنگییەکی زۆری دروست کردووە.

بەرەی گۆڕان: ئەگەر ئەو حکومەتە بەرنامەیەکی نییە بۆ باش کردنی ژیانی خەڵك ئەی بۆ نۆپۆزسیۆن دەرناکەوێت، ئەگەر نۆپۆزسیۆن مانای بەرنامەی نوێ بێت، یان بۆ نۆپۆزسیۆن لاوازە؟

قادر نادر: پارتی و یەکێتی لەدوای ڕاپەڕینەوە هەموو توانای خۆیان بەکارهێنا نۆپۆزسیۆن نەهێڵن، بە تۆڕ کە لە سەرەتای ئەوەدەکان کۆمەڵێك کەس تیرۆر کرا، نابلۆقەی ڕاگەیاندن و کۆنترۆڵ کردنی ڕاگەیاندنەکان و بە نیمتیازدان لەبەرامبەر بێ دەنگ بوون. تا نۆپۆزسیۆنیان کوشت، نێستاش ئەو کۆنترۆڵ کردنەوەی داهاتە کێشەکەی ئالۆزتر کردووە، چونکە حزبەکان بەبێ ماده ناتوانن کار بکەن و ئەو مادیەیەش وا لە دەستی پارتی و یەکێتیدا، تەنانەت هەر ڕۆژنامەیەك دەربچێت کۆمەڵێك کەسی دەنێرنە ناوی بۆ ئەوەی تێکی بدەن، تەگەر خۆیان شتێك نەکەن ڕێگە نادەن کەسێکیتر بیکات، لەبەرئەوە نۆپۆزسیۆن زۆر لاوازە و ئەوانیش لە ناناماديی نۆپۆزسیۆندا هەموو کارێك دەکەن.

بەرەی گۆڕان: کەواتە گرفتەکە لەو حزبانە نییە کە بانگەشەی نۆپۆزسیۆن بوون دەکەن، گرفتەکە پارتی و یەکێتین؟

قادر نادر: ئەوان هۆکارێکن بەڵام هۆکاریتر هەن، چونکە حزبەکان دەتوانن هەندێك کار بکەن کە تا نێستا لە خیتابی پارتی و یەکێتی دەرنەچووینە. چەند حزب هەبووە لەو پێنج شەش ساڵی ڕابردوو بێتە سەر شەقامو تەقەی لێبکرێت، چەند حزب هاتۆتە ناو جەماوەر کاری مەیدانی بکات. جۆرێك لە بێ متمانەیی دروست بووە، لەنێوان حزبەکان و جەماوەر . بەرەی گۆڕان: لە کوردستان ناشکرایە چەمکی حزب مانایەکی ناشیرینی وەرگرتووە، ئەمە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

قادر نادر: لەبەرئەوەی حزب دروزن بووە تا نێستا لەگەڵ خەڵك، خەڵك هەموو قوربانییەکی داوە، لوتکەی قوربانییەکانی کورد هەڵمچوو ئەنفالە بەڵام خراپترین ژیان ژیانی خەڵکانی هەڵمچوو پاشماوەی ئەنفالکراوەکانە. سەرکردەکان تا نێستا تەنها دروشمیان هەیە، لەمەری ڕەش و قەڵاچۆڵان ئایەنە ناو خەڵکی هەژار. چەند سەرکردەی کوردت بینیوە بچێتە ڕەحیماوەو شۆڕش هەر تەنها سەردانیان بکات، سەدام بە فاشیەتی خۆیەوە لە کۆڵانەکان دەگەڕا.حزب بەڵێنی دەداو سەدا دەی بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکرد ئەوە هۆکارەکەیە.

بەرەی گۆڕان: باست لە ئەبوونی متمانە کرد لەنێوان حزب و جەماوەر یان خەڵکی کوردستانن بەڵام ئەو متمانەیە چۆن دەگەڕێتەوە؟

قادر نادر: خەڵك چاوی لەوەیە چ حزبێك دەسکەوتی بۆ دەستەبەر دەکات. بەداخەوە نۆپۆزسیۆنەکانیش نەیانتوانیوە، کارێك بکەن بەرمیلێك نەوت بۆ خەڵك دابێن بکەن. تەگەر ڕێکخراوێك یان حزبێك بتوانێت تەنها شتێك بۆ خەڵك فەراهەم بکات ئەوە نۆپۆزسیۆنە، خۆ نۆپۆزسیۆن هەر ئەوە نییە بڕوخێنێت. بەداخەوە خەڵکی کوردستانیش بەشیچکی گرفتەکەی دروست کردووە، خەڵکێك کە نینتمای بۆ پارتی هەیە ئەگەر پارتی هەرچی بکات هەر نینتمای بۆ هەیە، لەوڵاتێك ئەگەر کەمێك هۆشیاری هەبێت وا نییە لەوڵاتێکی وەکو سوید خەڵك تا دوا چرکەکانی هەڵبژاردن بڕیاری ئەوە نادات دەنگ بە کێ دەدات، خەڵك حزبەکان هەڵدەسەنگێنن و دەبێت بزانن تا چەند بەلێنەکانیان جێبەجێ کردووە، لە هەڵبژاردنەکانی ئەوێدا خەڵك دەنگ بە بەرنامە دەدات.

بەرەی گۆڕان: تۆ باس لە دەنگدان دەکەیت بەڵام لە کوردستان قسە لە بەتاڵی دەنگدان و ناشەرعی بوونی هەڵبژاردنەکان دەکرێت لەباریکی ئاداوا حزبێکیتر چۆن دەتوانێت دەسەڵات وەربگرێت؟

قادر نادر: ڕاستە لە کوردستان هەڵبژاردنەکان زۆربەیان شەرعی نین و پاشان پارتی و یەکێتی داهاتەکەیان دەست بەسەردا گرتووە، خستویانەتە خزمەت پرۆژە حزبیەکانی خۆیانەوە.

بەرەی گۆڕان: لە دوای ڕاپەڕینەوە تەنها دوو حزب لەدەسەڵاتدان لە کوردستان ئەمە حالەتێکی ناتەندروست نییە ؟

قادر نادر: لە کوردستان دەسەڵاتەکان شکڵێن حکومەت و پەرلەمان هەیە بەڵام لە مەکتەب سیاسیەکانەوە بڕیار دەدرێت. دیارە لەو ماوەیەدا چەند هەڵبژاردنێکی کەم بۆ پەرلەمان کراوە.

جبار جەمال غەریب

خولیای هاوکاری یەکێکە لەو چەمکانەی کە لەناو ئێمەدا وردە وردەو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو نەمان دەچێت!

دیمانە: پەرێز عمر:

مامۆستا جەبار دوور لەو بواری کە پێی ئاسراوە، کە بواری نووسین و چیرۆك و ڕۆمانە. بە ڕۆحێکی پڕ لە هاوکاری و خۆبەخشانە وانە بە قوتابیانی گوندی بانە مۆرت دەڵێتەوە. بۆ زیاتر زانیاری و ئاشنابوون بەو هەنگاوە بێ وێنەو بوێرانەیەی مامۆستا جەبار لە دیمانەیەکدا ئەو چەند پرسیارەمان ئاراستەکرد

ب گۆڕان/ مامۆستا جەبار دەکرێ باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیەمان بۆبکەی؟ چۆن زانیت ئەو قوتابخانەیە مامۆستای نییەو یەکەم هەنگاوت چی بوو نێستا گەیشتوویتە کوێ؟

م. جبار/ من دەمێکەی خولیایەك لە مێشکم دایە، ئەویش خولیای هاوکاریە، خولیای هاوکاری یەکێکە لەو بیرۆکە، یا چەمکانەی کە لەناو ئێمە وردە وردە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو نەمان دەچێت. بۆیە دەمویست لە شوێنێکدا هەوڵدەم زیندوو بکرێتەوە، بەڵام بێگومان من فریشتەیەك نیم بەوێ بەتەنیا ئەوە زیندوو بکەمەوە، من لەهەر هەموو خەڵکی ئەو وڵاتەی کەم و کوڕیم زیاترە، بەڵام هەرچۆنێك بێ کاتێك ئەو هەواڵەم لە ڕۆژنامەدا خوێندەوە هەستم کرد دێیەك هەیە فعلەن پێویستی بە هاوکاری من و هەموو خوێندەوارێکە هەیە. لەوانە ئەوە توانایەك نەبێ بۆ نیشکردن ئەوەندەی توانایەکە بۆ هاوکاری کردن، من حەزدەکەم لە شوێنێك کە پاککەرەوەیەك (فەراشێك) نیە من بتوانم دەوری ئەو پاککەرەوەیە ببینم، بەتایبەت کە هەست بکەم بەتەواوەتی ئەو هاوکاریەی من جێگا دەگرێ، بۆیە یەکەم پەیوەندیم کرد بە پەروەردەو هەموو ئەو دەزگایانەی کە بەرپرسن و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانم هاوکاری ئەو گوندە بکەم. نامەوێ زۆر لەسەر شێوەی دۆزینەوەی ئەو گوندە بڕۆم. بەس ئەوەندە دەڵێم کە یەکەم ڕۆژ چووم بۆ ئەو گوندە ڕۆژێکی زۆر سەیر زۆر تایبەت بوو لەژیانی منداً، **ڕۆژێك بوو لەلایەك زۆر ڕۆژێکی خۆش و پڕ کامەرانی و هەستی مرۆیی وە ڕۆژێك بوو پڕ لە ماندوو بوون و دەردەسەری و، ڕۆژێکیش بوو پڕ لە خەم و خەفەت و بێ ئومێدی** دەشێ ئەو هەموو دەستەواژانە لە ڕۆژێك لە شوێنێکدا کۆببێتەوە؟ لەو ڕۆژەدا بە توتومبێلێك چوینە ئەو دێیە لە مۆدێلی (1980) بوو واتا ئەگەر فەرمانبەریایە تا نێستا خانەنشین بووبوو. ئەگەر یەکێکیایە ژنی هێنابا تانێستا ئەوەی هەبوو. ئەو توتومبێلە هیچ ڕەنگی توتومبێلی پێوە نەبوو ئەمەدزانی چ ڕەنگە. کوشنەکانی ئاری وەکو بەردیان لێهاتبوو سیفەتی نیسفەنجیان ئەمابوو، لە سەقفەکەی نیسفنجێك دەهاتە خوارێ کە وردە وردە نیسفنج بارانی دەکەردین، وە ڕێگایەکەشی کەلە قوشتەپەوە لادەدات و بە ڕێگای بێتساتەدا ڕێگایەکی یەکجار عاسێ و ناخۆش هەیە دەچێ بۆگوندی (بانەمۆرت) ئەو ڕێگایە کە بەراستی لەوانەیە گرویێکی فیلم سازی هۆلیوود هەزاران دۆلار سەرف بکەن بۆئەوەی ڕێگایەکی وا دروست بکەن بۆئەوەی لە لەقتەیەکی سینەماییدا نیشانی بدەن. ڕێگایەکی ئەوندە سەیرە... وەکو ئەوە وایە بەسەر لێواری شمشێرێکدا بڕوی.. بەوە کۆتایی نایە بڵێی ناخۆشە، ناخۆشی لەوڵاتی ئێمە ئەوەیە ڕێگایەك چاڵ و بەردی لێ بێ. بەس ئەوە ژور زۆر لەوە زیاترە. ئەوانە هەموی جێی بێ ئومێدی بوون. کە من ئەمدەزانی ڕێگای وا هەیە ئەوە یەك، دووەم کاتێك گەیشتینە گوندەکە ئەوەی جێی دڵخۆشیە ئەوەبوو کە چەندان قوتابی لە دەروپشتی قوتابخانەکە ڕاوەستابوون کەلە دوورەوە ئەو توتومبێلەیان هی ئەوە ئەبوو هەمووانی پێبەرم. یەکێکی تر لەوانەی کە پەیوەندی پێشتر ئەو خەبەریان زانیبوو کە ئێمە دەچین. کە دەشڵێم ئێمە مەبەستم ئەوەیە **کاتێك کە بڕیارمدا بچم بۆ ئەو گوندە، هەستم کرد ڕۆحی هاوکاری لەناو خەڵکیدا ماوە.** بۆیە چەندان کەس پەیوەندیان پێوەکردم کە لەگەڵم دێن. ئەوەی زۆر زۆر جێگای دڵخۆشی بوو خاتوونێکی مەسیحی بوو بەناوی (پەرسیس) کە لە قوتابخانەی (تورمە) لە هەولێر وانەی (بیرکاری) دەڵێتەوە بەراستی ڕۆحی هاوکاری ئەو نافەوتە بە کۆتا نایەت. دەیگووت "ئەگەر بە پێش بێت پێوستە بچین لەو گونەدە وانە بڵێینەوە" کەچێکی دیکە بەناوی (نازەنین محمود) کە چەند ساڵ لە سوید بوودو نێستا هاتۆتەوە ئەویش بڕیاریدا لەگەڵمان بێ و قبوولی هەموو ئەو ماندووبونەی کرد. وەچەند کەسێکی تر پەیوەندیان پێوەکردم بەس ئەوانرا من پەیوەندیان پێوەبکەم و لەگەڵ خۆمدا بیان بەم لەبەرئەوەی ئەوتۆمبیلەکەمان هی ئەوە ئەبوو هەمووانی پێبەرم. یەکێکی تر لەوانەی کە پەیوەندی پێوەکردم (ئەژین عبدالخالق) بوو تەلەفۆنی بۆکردم و دەیویست لەگەڵمان بێت. من دڵنیام ئەگەر هەولێکی جدیشم دابایە دیان کەسی دیکە پەیوەندی دەکرد بۆئەوەی بێن. کێشە ئەوە نییە ئەو قوتابیانە پێویستیان بەو هەموو مامۆستایە هەیە یان نیە، گرنگ ئەوەیە لە وڵاتی ئێمە ئەگەر ڕێگاکانی هاوکاری بەدزێنەوە خەڵکێکی زۆر ڕۆحی هاوکاری لەلاماوە کە ئەوڕۆ بۆتە یەکێك لەبابەتە دەگمەنەکان. **مرۆڤ کە هەست بە غەریبی و نامۆیی دەکات لەو شارەدا ئەوەیەکە هەست دەکات هەموو شتەکان بەرەو دروستی کردنی ئەپارتانی گەورەو ئۆتۆمبێلی سەیریو کەڵەکەکردنی کەسایەتی دزۆزانانەو درەوشاوە دەڕۆن.** هەمیشە هەست دەکەی تەنیای، هەست دەکەی ئۆتۆمبێلێك لێدا نیتر کەسێك نییە دەستت بگرێت. بێزیان لەوە دەبێتەوە ڕاتکێشنە سەر ڕەسیفێك..!

≥